سودانی: پشتگیری دامەزراندنی دەوڵەتی فەڵەستین دەکەین کە قودس پایتەختەکەی بێت

سەرۆکی وەزیرانی عێراق جەخت لەسەر گرنگی هاوبەشی و یەکخستن لەگەڵ میسر دەکاتەوە لە ڕوبەڕووبونەوەی ئاستەنگە ئابوریەکان و ڕاشیدەگەیەنێت، زەمینەیەکی لەبار هەیە بۆ هاوکاری و هاوبەشی و ئاوگۆڕی بازرگانی و ئابوری و گەشەپێدان و کەلتوری و زانستی لە نێوان هەردو وڵات هەیە و لەبارەی غەززەشەوە دەڵێت، "پشتگیری دامەزراندنی دەوڵەتی فەڵەستین دەکەین کە قودس پایتەختەکەی بێت".

محەمەد شیاع سودانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە میانەی لێدوانێکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا، لەگەڵ مستەفا مەدبولی سەرۆك وەزیرانی میسر لە بەغدا ڕایگەیاند، لیژنەی هاوبەشی نێوان میسر و عێراق یەکێکە لە سەرکەوتوترین لیژنە وەزاریەکان لە بەدواداچون بۆ جێبەجێکردنی یاداشتنامەکانی لێکتێگەیشتن و لێکڕێنەوە لە بوارەکانی هاریکاری فراوان پێشتر 11 یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەنێوان عێراق و میسر لە مانگی (حوزەیرانی/6)ی 2023 واژۆ کراون و ئەم هاوکاریەی ئەمڕۆ بە واژۆکردنی 12 یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لە بوارە جیاجیاکاندا بەهێزتر بو.

ئاماژەی بەوەشکرد، "سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عێراق و دورکەوتنەوە لە

ناکۆکیەکان دو هۆکاری سەرەکین بۆ گۆڕینی عێراق بۆ دەرفەتێکی باش بۆ وەبەرهێنان"، جەختی لەوەی کردەوە کە ژینگەی سەرنجڕاکێشی وەبەرهێنان و یاساکانی پاڵپشتی کار و چاکسازی و پەرەپێدانی بانکی و باج هەنگاوی باش لەبەرچاو گیراو بون بۆ ئەوەی عێراق ببێتە گۆڕەپانێکی گەشەپێدانی ئومێدبەخش.

ئەوەشیخستەڕو، "لێکتێگەیشتنێك هەیە لە بواری گواستنەوەی وشکانی لە نێوان هەردو وڵاتدا، لە بواری بڕەودان بە کێبڵکێ و بەرنگاربونەوی قێرخکاری، هەروەها هەماهەنگی لەنێوان ئەمینداریەتی بەغدا و پارێزگای قاهیرە".

باسی لەوەشکرد، "شۆوازی چاکسازی حکومەت وای لە کۆمپانیا میسریەکان کرد بە شۆوەیەکی تایبەت و فراوان بێنە ناو بازاڕی عێراقەوە، زۆرێك لە کۆمپانیا میسریەکان سەرقاڵی جێبەجێکردنی چەندین پڕۆژەی ژێرخان و پڕۆژەی وەبەرهێنانن، قەبارەی گرێبەستەکانیش لەگەڵ کۆمپانیا میسریەکان بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی ژێرخانی زیاتر لە (600) ملیار دیناری عێراقی".

سودانی دەشڵێت، "تەحەداکانی ئابوری و کەشوهەوای کۆمەڵایەتی لە نێوان هەردو وڵات و وڵاتانی ناوچەکەدا لەیەك دەچن و یەکخستن کلیلی چارەسەرەکانن، هەماهەنگی باش لە نێوان عێراق و میسر بەردەوامە سەبارەت بە کێشە هەنوکەییەکانی ناوچەکە، کە لە سەروی هەمویانەوە هێرشەکانی سەر غەززە و لوبنان و ئێپەراسیۆنرکانئ فریاگوزاریە بۆ گەلی فەڵەستین لەگەڵ گەیاندنی هاوکاری".

محەمەد شیاع سودانی ئەوەشی راگەیاند، "ڕێی گەورەی میسر بەرز دەنرخێنین لە کارە دیپلۆماسییە بەردەوامەکان، کە لەگەڵ برا و دۆستانمان لە قەتەر و ئەمریکا بوە هێی ئاگربەست و ڕاگرتنی شەڕ لە غەززە، پشتگیری هەمو هەوڵە ناوچەییەکانیش دەکەین بە ئامانجی پتەوکردنی سەقامگیری و ڕاگرتنی تەواوی و بەردەوامی شەڕ و نابێت ڕێگە بە حکومەتی داگیرکەر بدرێت شەڕ لە ناوچەکەدا فراوان بکات"

ئاشکراشیکرد، عێراق هەڵوێستی پرەنسیپی و پتەوی خۆی لەسەر پرسی فەڵەستین نوێ دەکاتەوە و بانگەواز و هەوڵەکانی ڕاگواستنەوەی فەڵەستینییەکان بۆ وڵاتانی دراوسێ ڕەتدەکاتەوە، "ئێمە جەخت لەسەر مافی فەڵەستینییەکان دەکەینەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی فەڵەستین و قودس پایتەختی بێت".